ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
ئۆکتۆبەر
45
10 ی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەر 2022

## مەترسیەکانی سەر هەرێم!



موحسین کەریم

جنین پلاسخارت، نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ عێراق و کوردستان، چەند رۆژ لەمەوبەر، لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشدا هوشداری ئەوەی دا کە " ئەنجام نەدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەکاتی خۆیدا و مامەڵەی نەگونجاو لەگەڵ خواستەکانی خەڵک و پشتگوێخستنی بنەما سەرەکیەکانی دیموکراسی باجێکی قورسی دەبێت". هەروەها ناوبراو باسی ئەوەی کرد کە گەورەترین رێگریەکان دابەشبوونی هەرێمی کوردستانە بەسەر دوو ناوچەی سەوزو زەرد دا!

هەڵبەتە خەڵکی کوردستان و هەموو ئەو کەسانەی کە ئاگاداری بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی دەسەڵات و شێوازی دەسەڵاتدارێتی کوردستانن دەزانن کە ئەو شتانەی بلاسخارت وەکو مەترسی باسیان دەکات، دەمێکەیە هەن و تازە نین. لەساڵی ١٩٩٤ ەوە هەرێمی کوردستان بەسەر دوو ناوچەی سەوزو زەرد دا دابەش بوەو ئەوکاتەشی کە گوایە حکومەتی هاوبەشیان پێکهێناوە، بە کردەوە دابەشبوون بەسەر دوو زۆنی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیدا بە ئاستەم لاواز نەبووە. لەلایەکی دیکەوە هەردوو حزبی دەسەڵاتداری کوردستان نەک لەرێگای دیموکراسیەوە، کە نێردەی نەتەوە یەککگرتوەکان پێیخۆشە وەکو سیفەتێکی دەسەڵات لە کوردستان پێناسەی بکات، بەڵکو هەمیشە لەڕێگای هێزی میلیشیاو بە لۆجیکی هێزی سەربازی و سەرکوتی دەنگی نارەزایەتی و نەیارانی سیاسی دژ بەوان، دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچەکانی نفوزی خۆیاندا سەپاندوە، هەر بەو لۆجیکەش هاوسەنگی

بۆ لاپەڕە ٢

بەیاننامەی کۆمیتەی سلێمانی حزب :

## تیرۆرکردنی ناگەهان کەمال بەتوندی ئیدانە دەکەین!

لاپەرە ٩.......



## پەرلەمان وەک گەمەی ڕاگرتنی بەلانس!

عوسمان حاجی مارف

بۆ لاپەرە ٣



## دەستدرێژیە سەربازیەکانی جمهوری ئیسلامی ئێران بۆ سەرکوردستانی عێراق

گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەوسایە، سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزب

بۆ لاپەرە ٦



## ڕوخانی جمهوری ئیسلامی ئێران لەبەرژەوەندی هەموو خەڵکی ناوچەکەدایە!

نوری بەشیر

بۆ لاپەرە ٨



## دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن و ئایندەی جیاوازی منداڵان

بنار مستەفا

بۆ دوالاپەرە

ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

## دریژەی...... مەترسیەکانی سەر هەرێم!

دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی بەسەر زۆنەکاندا بەڕێوەچووە. خەڵکی کوردستانیش، سەرەڕای هەوڵەکانی نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جوانکردنی سیمای میلیشیایی دەسەڵاتی هەرێم و هەندێ لە هێزو لایەنە بۆرژوازیەکانی ئۆپۆزیسیۆن بۆ ڕەواجدان و بانگەشەکردن بۆ خەباتی پەرلەمانی و هەڵبژاردن، هەڵبژاردن بە دوای هەڵبژاردندا زیاتر لە پووچی هەڵبژاردن و پەرلەمان تێگەیشتوون و بایەخێکی ئەوتۆ بۆ پەرلەمان دانانێن. لەدواهەمین هەڵبژاردنی هەرێم و عێراقدا ڕێژەی بەشداربوونی خەڵک بەجۆرێک کەمی کرد و دەنگی ئەو دوو حزبە بەرادەیەک دابەزی کە سەرانی پارتی و یەکێتی تووشی شڵەژان کرد! پرسی مامەڵەی نەگونجاو لەگەڵ خواستەکانی خەڵکیش بەهەمانشێوە تازە نیە و یەکێتی و پارتی هەر لەسەرەتای ڕادەستکردنی دەسەڵاتی هەرێم پێیان لەلایەن ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەچوارچێوەی شەڕی کەنداوی دووەمدا، هیچ کات لە فکری ئەوەدا نەبوون کە وەڵام بە خواست و چاوەڕوانیەکانی خەڵک بۆ ژیانێکی باشتر و شەرافەتمەند و ئازادانە بدەنەوە، بەڵکو سەرباری تاڵانکردنی داهاتی کوردستان و دابەشکردنی بەسەر خۆیاندا (بەپێی دانپیانانێکی نەوشیروان مستەفا کە ئەوکاتە کەسی دوەمی یەکێتی بوو بەوەی پارتی و یەکێتی هەریەکەیان لەداهاتی کوردستان ٣٥٪ یان بۆ خۆیان بردوەو تەنها ٣٠٪ داهاتی کوردستان بۆ خەڵکی کوردستان سەرفکراوە)، ئەو کۆمەک و هاوکاریانەش کە لەلایەن ڕێکخراو و دەوڵەتانەوە ڕەوانەی کوردستان دەکران، لەلایەن ئەو دووحزبەوە تالان دەکران و دواهەمین کەس خەڵکی کوردستان بوون کە ئەگەر شتێکیان بەرکەوتبێ! ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو ئەم ڕاستیانە دەزانن و بێجگە لە هەندێ گلەیی ئەویش کاتێک زانیبێتیان ئیتر دۆخەکە بەوجۆرە کۆنترۆڵ ناکرێ و لەدەست دەردەچێت، ڕەخنەیەکیان لەو دوو حزبە نەبوەو تەنها ئامۆژگارییان کردوون کە کەمێک لە تاڵانچێتی و فشارەکانیان بۆسەر خەڵک کەم بکەنەوە. ئێستاش دۆخێکی لەوجۆرە لە هەرێم هەیە کە وایکردوە بلاسخارت بە نیگەرانیەوە و لە ئەنجومەنی ئاسایشەوە هوشداری بدات بە بەرپرسانی پارتی و یەکێتی.

ڕەنگە بۆچونێک هەبێت بڵێت کە قسەکانی بلاسخارت دەربارەی ئەو مەترسیانەیە کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێمەوە ڕوو لە هەرێم بکات! بەڵام ئەمە تەنها گۆشەیەکی مەسەلەکەیە و مەسەلەی سەرەکی نیە. ترسەکەش لەدەرەوەی هەرێم ئەوە نیە کە دەوڵەتانی ناوچەکە یان حکومەتی ناوەندی عێراق پیلانێکیان دژی هەرێم هەبێت و ئەگەر حزبەکانی هەرێم، یەکێتی و پارتی و ئەوانی دیکە، وەکو ئەوان دەڵێن، یەکتری قبوڵ بکەن و واز لە قۆرخکردنی دەسەڵات بهێنن و بەشێوەیەکی دیموکراسی دەسەڵات بەڕێوەبەرن و تاد... ئیتر دەتوانن ڕووبەرووی ببنەوە. لەڕاستیدا خودی دابەشبوونی ئەو دوو حزبە دەسەڵاتدارە بەسەر دوو دەوڵەتی ناوچەکەدا، لەکاتێکدا کە بارودۆخی عێراقیش ناسەقامگیر و ناڕۆشنە و مەیدانی دەستێوەردانی دەوڵەتانی ناوچەکەو جیهانیشە، ئەو ئەگەرە زیاددەکات کە ئایندەی سیاسی هەرێم بەرەو ناجێگیری و شڵەژان بڕوات و دەسەڵاتی ئێستای هەرێمیش بەرەو جۆرێک لەهەڵوەشاندنەوە بچێت! نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکاو ڕۆژاوا هەرچۆنێک بوە دەیانەوێ دۆخی سیاسی ئێستای هەرێم لەوە زیاتر لێکنەترازێ و وەکو بنکەیەکی دەخالەتی ئەوان لە کاروباری سیاسی عێراقدا بمێنێتەوە.

بەڵام مەسەلەی سەرەکی ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان لە دەسەڵاتی هەرێم توڕەن و بەڕادەیەکی خەتەرناک بۆسەر دەسەڵاتی هەرێم لێی دوور کەوتوتەوە، بەجۆرێک کە خەڵک خوازیاری ڕوخاندنی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیە. لە ڕوانگەی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و ئازادیخوازی کوردستانەوە دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی و پەرلەمان و هەڵبژاردنیان پولێکی قەڵب ناکات. خەڵکی کوردستان لەهەر فرسەتێک دەگەڕێن کە دەستی ئەو دەسەڵاتە میلیشیاییە تالانچیە لەیەخەی خۆیان بکەنەوە. خەڵکی کوردستان هیچ ڕێزێکیان بۆ ئەو دەسەڵاتە نەماوەتەوە، نەک هەر لەبەرئەوەی کە هیچ بوارێکی بۆ ژیانێکی ئازاد و شەرافەتمەندو خۆشگوزەران بۆ نەهێشتونەتەوە، بەڵکو دەستی هەرچی دەوڵەتی کۆنەپەرست و دەزگای جاسوسی و تیرۆریستی ناوچەکەشە لە کوردستاندا ئاوەڵایان کردوە.

لەم هەلومەرجەدا کە خرۆشانی جەماوەری لەئێران دەستی پێکردوە، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر میزاجی سیاسی و شۆڕشگێرانەی خەڵکی هەرێمی کوردستانیش دادەنێت. خەڵکی کوردستانیش کە خوازیاری کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی تالانچی و ستەمکارو مافیایی یەکێتی و پارتین، لەژێر کاریگەری کەشوهەوای شۆڕشگێڕانەی ئێران و پێشڕەویەکانی خەڵکی ئێراندا بەرامبەر بەو ڕژێمە دڕندەو هارو سەرکوتگەرە، ئومێدیان بە خەبات و تێکۆشان و بەئیرادەی خۆیان بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە دەبوژێتەوە و دەورانی چاوەڕوانی ئێستا تێدەپەڕێنن و بە تەوژمێکی دیکەو بەهێزەوەو بەشێوەکەی ڕادیکاڵانە دێنەوە مەیدانی ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیدا... مەترسیە گەورەکە ئەوەیە! نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکانیش کە لە قورسایی ستەم و زوڵمی یەکێتی و پارتی و لە زەبری کاردانەوەی خەڵک دژی ئەو ستەم و بێمافیەی بەسەریاندا سەپێنراوە تێدەگات، ئەو باجە قورسەی باسی دەکات ئەوەیە کە دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان دەیدەن!

★

# پەرلەمان وەک گەمەی ڕاگرتنی بەڵانس!

## عوسمان حاجی مارف

کاتێک پەرلەمانی کوردستان بەرەو نزیکبونەوە دەچێت لە کۆتایی دەورەکەی، هەوڵئەدرێت درێژە بە تەمەنی کارەکانی بدرێت. ئاساییە بۆ ئەو کەس و لایەنانەی ناڕازین و بە قازانجیان نیە ڕەخنەو نارەزایەتیەکانیان ڕابگەیەنن، جا بەهەر پاساوێک بێت، پێیان باش نیە کە پەرلەمان بەردەوامی بە کارەکانی بدات و داوای هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا دەکەن، بە تایبەتی دەبینین و دەبیستین لە میدیاکانەوە ئاماژە بەو بەڵگانە ئەدەن کە کاتی خۆی جەلال تالەبانی، سەرۆکی پەرلەمان، یا هەرکەسێکی تر، پێداگریان لەسەر ئەوە کردووە، کە "درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان ناکرێ و نایاسایی و نەگونجاوەو پێشێلکردنی مافی دەنگدەرانە"، چونکە تەنها بۆ چوارساڵ دەنگدراوە بەو ئەندام پەرلەمانانە، بۆیە دەڵێن نابێت تەمەنی پەرلەمان درێژبکرێتەوە!

بە بۆچونی من ئەوەی پێویستە قسەی لەسەر بکرێت، ئەو ڕەخنەو بەڵگانە نیە کە لە بەرامبەر درێژکردنەوەی پەرلەماندا دەکرێن، چونکە ئایا بۆ خەڵکی کوردستان پەرلەمان هەڵبژێردرێتەوە یان ئەمەی ئێستا بەردەوام بێت، ئاخۆهیچ جیاوازیەک دروست دەکات؟ کە وەڵامەکەی هەر ئەوەیە بڵێین "نەخێر" هیچ جیاوازیەک بۆ ژیان و ئایندەو ئاسودەیی و گوزەرانی خەڵک بەدیار ناخات!. چونکە ڕۆشنە پێگەی پەرلەمان لەدەسەڵاتی سیاسی و پێکهاتنی حکومەت لە کوردستاندا چ گاڵتەجاری و کارتۆنسازیەکە، تەنها بۆ بەکارهێنانی بەلانسی ڕاگرتنی دەسەڵاتی میلیشیایی ماڵی بارزانی و ماڵی تاڵەبانیە، لەئێستادا ڕاگرتنی ئەو بەلانسە لەڕێگەی هەڵبژاردن و پەرلەمانەوە ئاشکرایە لە ژیانی سیاسی ئێستای پارتی و یەکێتیدا دەرگیر بە قەیران و کێشەی جدی هاتووە، ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە ئێستادا بە قازانجی هەردوو لایان نیەو نەکردیە، باشترە بۆیان فرسەتی ساڵێک بە خۆیان بدەن، گەر جەلال تالەبانیش لە ژیاندا بوایە دۆخەکەیان بەجۆرێکە ناچار دەکرا پەشیمان بێتەوەو دەنگ بە درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بدات.

واتە پێویستە بچینەسەر ئەو بابەتەی کە ئایا ئەم قەیران و کێشانە چین وا ئەم دوو هێزە میلیشیاییەی لەبەرامبەر چەواشەکاری و وانەووتنەوەی دیموکراسیەتدا بەگیر هێناوە؟.

یەکەم: بەو مانایەی کە هەر لەسەرەتاوە باڵادەستی هێزی میلیشیایی پارتی و یەکێتی چوارچێوە و ئاراستەی دەسەڵاتی سیاسیان بووە بۆ پاراستی سیستمی سەرمایەداری و خۆ گونجاندیان لەگەڵ بازاڕی جیهانیدا، هەر بەو ڕێگای دەسەڵاتی میلیشیاییە پیکهێنانی فراوانترین فرسەت بۆ دەست بەسەراگرتنی سەروەت و سامانی کوردستان و کارئاسانی بۆ تالانی و جەردەیی و گەندەڵیان ڕێکخستووە، هەر بەدوای یەکەم هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی پەرلەمانی ساڵی ١٩٩٢، پارتی و یەکێتی هۆکاری شەڕی ناوخۆو پیکهێنەری زۆنی زەردو سەوز بون، هەرزوو لەسەرەتای دەسەڵاتیاندا هەڵبژاردن و پەرلەمانیان پوچەڵ و بێ بەهاو بێمانا کردووە.

دووەم: بەدوای وەستانی شەڕی ناوخۆ هەر دانوسان و ڕێکەوتن و هەنگاوێکی سیاسی و ئابوریان لە پەیوەند بەدۆخی سیاسی کوردستانەوە بەڕێ خستبێت، جگە لەوەی هەر لایەنێکیان واتە ماڵی بارزانی و ماڵی تاڵەبانی هەوڵیان داوە بۆ ڕاگرتنی ئاستی بەلانسی نفوزی سیاسی هێزەکانیان، شتێکی تریان نەویستووە نەکردووە، هەر بەم پییەش تەواوی دەورانی هەڵبژاردن و پیکهێنانی پەرلەمان بەشێک بووە لەو گەمە سیاسیەی کە بۆیان گونجاوە بەلانسی نفوزی سیاسی نێوانیان ڕاگرن، نەک گەمەی دیموکراتی و پەرلەمان.

سێهەم:پێش هەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دیاریکردنی شێوازێکی پەرلەمانەکەیان، گەر ماڵی بارزانی و ماڵی تاڵەبانی دڵنیانەبونایە لەوەی هەڵبژاردن هیچ کاریگەریەکی لەسەر مانەوەی نفوزو دەسەڵاتی میلیشیاییان نابێت، ئامادەیی چونە ناو ئەو پرۆسەیەیان نیشان نەئەدا، واتە هەمیشە پێشوەخت بە ڕێکەوتنی هەردوولایان، یان بەپێشبینی بۆ ڕونەدانی کاریگەری نەرێنی گەمەی هەڵبژاردنیان ئەنجامداوە.

چوارەم: لە دابەشکردنی کوردستان بە زۆنی زەرد و زۆنی سەوز، هەمیشە پێگەی پارتی و ماڵی بارزانی لەسەرو پێگەی یەکێتی و ماڵی تاڵەبانی بووە، بۆیە لەهەر کێشمەکێش و ڕێکەوتن و مامەڵەیەکی سیاسیدا یەکێتی ناچاری ملکەچی ڕاگرتنی ئەو بەلانسە بووە کە بە قازانجی نفوزی سیاسی پارتی بووە، ئەم حاڵەتە بە ئاشکرا لە هەڵبژاردن و پەرلەمانەکەشیاندا بەرچاو دەکەوێت.

بەمجۆرە ئەو حاڵەتەی ئێستا پارتی و یەکێتی ناچارکردووە تەمەنی پەرلەمان درێژکەنەوە، پەیوەند بەهەلومەرجێکی سیاسیەوە کە لە عێراق و کوردستان و ناوچەکەدا پێشبینی دەکرێت، لەسەر بنەمای ئەو پێشهاتانە بۆ ئاڵوگۆڕ لە ناوچەکەدا ئەگەری هەیە دەورانێکی تازە لە ئەمنیەت بۆ سەرمایەگوزاری بەڕێ بخرێت، کە تەواوی پێگەی ئەو هێزە میلیشیایانەی خستوتە بەردەم ئایندەیەکی نادیارەوە، هەر بۆیە دەرگیرن بە قەیرانی ڕێکەوتن لەسەر پێکهێنانی چۆنیەتی

دووبارەبوونەی شێوازی حکومەتەکانی پێشویان کە لە کوردستان و عێراقدا پەیرەویان کردووە، بۆیە هێزە میلیشیاکان لە حاڵەتێکی چاوەڕوانی و هێنان و بردن و گفتوگۆو دانوسانێکی بێکۆتایدان.

لەسەر بنەمای ئەو هەلومەرجەی کە پێویستە ناوچەکەو عێراق و کوردستان ئاڵوگۆڕی بەسەر بێت، پێگەی تەواوی ئەو هێزە میلیشیایانە لە ئێستادا لەو ئاستەدا نین تا بتوانن خۆیان بگونجێنن و دانوسان و ڕێکەوتنەکانیان ئەنجام بدەن لەسەر پێکهێنانەوەی حکومەت.

ئاماژەکردن بە نەتوانین و ڕێکنەکەوتن لەسەر پێکهێنانی حکومەتەکانیان، سەرچاوەی ئەو قەیرانەیە کە ئامادەییان بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن ئاسان و گونجاو نیە، هەروەها هەڵبژاردن نەک ڕێگەچارە نیە بۆ قەیرانەکەیان، بەڵکو خۆیان دەخەنە ناو دۆخێکی پڕ دەردیسەرترو ناڵەبارترو ناهەموارترەوە.

بڕیاری ڕێکەوتنی پارتی و یەکێتی بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان، ئەو سیاسەتەیە تا دۆخەکە ڕاگرن و هەوڵەدەن لێیان ئاڵۆزتر نەبێت و پێگەی هێزەکانیان لە چاوەڕوانیدا لانی کەم بۆ ساڵێک ڕاگرن، لە چاوەڕوانیدا دەبن تا بزانن چۆن لەو ئاڵوگۆڕانەدا پێگەی هێزەکانیان و دەسەڵاتی سیاسیان وەک تاپۆی بنەماڵەکانیان بپارێزن و جێگەو ڕێگەیەکی گونجاو لەناو هاوکێشەی سیاسی تازەدا پەیدا بکەن، بۆیە جاری خۆشیان لە قەرەی هەڵبژاردن و ڕێکەوتن لەگەڵ هێزە میلیشیاکانی عێراقیش نادەن.

ئەمە واقعیەتی هەلومەرجی سیاسی کوردستانە، تەواوی ئەو هێزە سیاسیانە بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە لەناو پرۆسەی هەڵبژاردن و پەرلەمانەوە هەڵسورانی سیاسی دەکەن، لەلایەک بەشێکن لە خزمەتکردن بەو گەمە سیاسیە گاڵتەجاڕیەی هێزە میلیشیاکانی ماڵی بارزانی و ماڵی تاڵەبانی کە بۆ چەواشەکاری بەرێیان خستووە، لەلایەکی تریشەوە ڕیسوایی خودی سیستمی دیموکراسی و پەرلەمانی نیشان ئەدات کە هێزە میلیشیاکانی عێراق و کوردستان ئەتوانن لەو سیستمەدا بە ئاسانی جێگایان بێتەوە، ئێستاش بەم جۆرە گەمەیە شکستی خۆیان خستوتە سەر بەرەو پێگەی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی تەواو بە پاشەکشەو ڕیسوایی زیاتر گەیاندووە.

☆

# ئاسۆی حزبەکانی کوردایەتی لە ئێراندا!

## عوسمان حاجی مارف

"ڕوخانی کۆماری ئیسلامی" بەرجەستەترین دروشمی نارەزایەتی و خۆپیشاندانە سەراسەریەکانی جەماوەری ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی ئێرانە، کە بەچەندین شێوە دەنگ ئەداتەوە، نمونەی "نا بۆ دکتاتۆر، مردن بۆ دکتاتۆر"، "نا بۆ خامنەئی"..چەندین دروشمی تر کە لێدانە لەهێمای دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی لەئێران و ناوچەکەدا، "نا بۆ ڕوسەری، بەڵێ بۆ ئازادی ژنان"،... هەرچەندە ئەم خرۆشانە جەماوەریە بەرفراوانە بەجیاڵەوەی لەئاکامی تیرۆرکردنی "مەهسا ئەمینی"ەوە دژ بە "ڕوسەری بەزۆر" دنیای هەژاند و ڕوخسارێکی جیهانی لەخۆی نیشانداوە، بەڵام شەپۆلی ئەم خرۆشانە درێژکراوەی قەبول نەکردنی تەواوی دەسەڵات و پێکهاتەو ئایدۆلۆژیایەکە کە کۆماری ئیسلامی چلوسێ ساڵە دەسەڵاتی سیاسی خۆی پێڕاگرتووە بە دڕندانەترین و کۆنەپەرستانەترین شێوە پارێزگاری لەسەرمایەداری و بە کۆیلەکردنی کرێکاران دەکات. ئەم بزوتنەوە جەماوەریە فراوانە دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ڕیزێکی بەرینە لەبزوتنەوەی دژی هەژاری و برسیێتی، وەها مەیدان و کەنارەکانی گرتووە کە لەڕێگەی ڕاپەڕینی جەماوەریەوە درەنگ یا زوو کۆتایی کۆماری ئیسلامی دەگەیەنێتە ئەنجام. ئاراستەی ئەم خرۆشانە جەماوەریە لە هەنگاوەکانیدا، بەچونەپێشەوەو گەڕانەوەکانیدا، بە هەر کەموکوریەکیەوە، فراوانبونەوەی زیاترو ڕادیکاڵ بونەوە و شارستانی بونمان پێنیشان ئەدات. پەیام و بانگەوازی ئایندەیەکی گەشبین بۆ کۆتاییهێنان بە ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا بڵاو دەکاتەوە، پێگەی ئازادی ژنان و یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان لە ناوچەکەدا دەچەسپێنێت...هتد

مەبەستم نیە لەم وتارەدا بە شانوباڵی ئەو نارەزایەتیەی جەماوەری نارازی ئێران هەڵبدەم، چونکە واقعیەتی نارەزایەتیەکان سەرنج و پشتیوانی تەواوی جیهانی بەلای خۆدا ڕاکێشاوەو ناتوانی ئاراستەکەی بگەڕێنرێتەوە دواوە، بەئاشکراو بەڕۆشنی بەرەو پێشەوە هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەوەی مەبەستمە دەورێک کە ناسیۆنالستەکان دەیانەوێت وینایەکی کوردایەتی بەم نارەزایەتی و خۆپیشاندانە جەماوەریە نیشانبدەن و سیمای "شۆڕشی" ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پێببەخشن وەلام بدەمەوە.

بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی لە ئێران دەمێکە لە هەوڵی ئەوەدان لەڕێگای دەوری دەوڵەتی ئەمریکاوە لەنمونەی ئەزمونی دەسەڵاتی تالانچیتی کوردایەتی کوردستانی عێراق دوبارەکەنەوە، بەپرۆسەی دامەزراندنی دەسەڵاتی میلیشیایی و تالانچیتی ناوچەی کوردستانی ئێران داگیرکەن و لەنێوان هێزەکانیاندا جوگرفیاو سامانەکەی

دابەش بکەن. بەڵام کۆتایی باڵادەستی دەوڵەتی ئەمریکا وەک تاکجەمسەری و هاتنە مەیدانی جەمسەرە ئیمپریالیەکانی تر، کەمایەی شکستی ستراتیژی دەوڵەتی ئەمریکا بوو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی لەلایەک شکستی دەوری ئەمریکا لەبەرامبەر ئێرانداو لەهەمانکاتدا بوە جێگای بێئومێدکردنی تەواوی خەونی حزبەکانی کوردایەتی بۆ داگیرکاریان لە ناوچەکانی کوردستانی ئێراندا.

حزبەکانی کوردایەتی لەم هەلومەرجی خرۆشانە جەماوەریەدا خەریکن بەو ئومێدو ئاسۆیەوە سەرقاڵ دەبن کە لەڕێگەی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکانی شارەکانی کوردستانەوە خەونەکانیان بۆ دەسەڵاتی میلیشیایی و تاڵانچێتی بەدی بێت و بەجێگایەکی بگەیەنن، ئەم ئاراستەیە لەبانگەوازەکانیانەوە، بەدروشمەکانیان، جوڵەی هێزی چەکداریان، ناونانی شۆڕشی ڕۆژهەڵات، جیاکردنەوەی کوردستان، سرودی نەتەوایەتی..هتد دەیانەوێت ئاگرەکە بەقازانجی خۆیان گەرم بکەن، با لەوە گەڕێین ئەو حزبانە تاچەند لەهەوڵی ئەوەدان و دەیانەوێت ڕێڕەوی ناڕەزایەتیەکانی بەقازانجی خۆیان بگۆڕن، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا دۆخی ئاواڵەیی سیاسی لەئێرانداو چۆنیەتی ئاراستەی ناڕەزایەتیەکان، ئەو هەلە دەرخسێنێ حزبە کوردیەکان بتوانن نمونەی ئەزمونی دەسەڵاتی سیاسی کوردستانی عێراق دوبارەکەنەوەو بە ئاسۆکەیان بگەن؟

ئەزمونی حزبەکانی کوردایەتی ئەزمونێکی چەکداریە بۆ بێئیرادەکردن و گۆشەگیرکردنی رۆڵی خەڵک لەدەسەڵاتی سیاسیدا، هەوڵدانە بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسیان لەئایندەی دۆخی دەسەڵاتی سیاسی ئێراندا، بەڵام واقعیەتی ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی ئێران بە کوردستانیشەوە لە گۆڕانی هەلومەرجی سیاسی بەڕاپەرینی جەماوەری، پێشوازیان بۆ هێزی میلیشیایی نیە، چونکە پانتایی کوردستانی ئێران چەندین شاری کرێکاری و بەرهەمهێنانی کاڵاییە، ژیان شارستانیەو ناڕەزایەتیەکان زادەی خواستی کرێکاران و زەحمەتکێشانە کە لەگەڵ ئاسۆی کوردایەتیدا یەکناگرێتەوە.

بەجیا لەوەش ناڕەزایەتیەکانی ئێران سەراسەریەو تەواوی ئێرانی گرتۆتەوە کە پەیڕەوی یەک خواستە بۆ ژیانێکی باشترو هەمان ئامانج و دروشمە بۆ کۆتایی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، کرێکاران زەحمەتکێشان و ژنان و ئازادیخوازانی شارەکانی کوردستان بەشێکن لە کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و ئازادیخوازانی ئێران، یەک چارەنوس لە ئایندەی دەورو دەخالەتی خەڵک لە دەسەڵاتی شورایدا بە یەکیان دەبەستێتەوە.

ئەتوانم بڵێم دەورو نەخشێک کە حزبەکانی کوردایەتی دەیانەوێت لە ئایندەی سیاسی کوردستاندا بیگێڕن، واقعیەتی شارستانیەتی کوردستان و سروشتی ناڕەزایەتیەکان ئەوەمان نیشان ئەدەن جێگایەک کە شایستەی حزبەکانی کوردایەتی بێت و بیانەوێت کوردستان میلیتاریزە بکەن، زەحمەتە بۆیان بەدەست بێت و بتوانن لەو ڕێگەیەوە پێگەیان بەهێز بکەن، بەڵکو فرسەت کراوە دەبێت بۆ کرێکاران و کۆمۆنیستەکان و ئازادیخوازان و بزوتنەوەی یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان کە خۆیان ڕێکبخەن و رۆڵی خۆیان لە بەرەوپێشبردنی ئایندەی ئێراندا بگێڕن.

**بەبڕوای من جوڵانەوەی ئیسلامی لە خۆرهەلاتی ناوەراست و لەئاستی نێونەتەوەییدا بە هەرەسی رژێمی ئیسلامی ئێران لە هەناسەدان ئەکەوێت. باسەکە لەسەر ئەوە نییە کە ئێرانی ئیسلامی مودیلێکی شکستخواردو دەبێت کە ئەوانی دیکە ئەتوانن خۆیانی لێبێبەری بکەن. شکستی جمهوری ئیسلامی لەئێراندا لەجەرگەی خرۆشانێکی سکولاریستیی مەزنی جەماوەریدا روو دەدات. خرۆشانێک کە دەست بۆ بنەماکانی بیرکردنەوەی کۆنەپەرستانەی ئیسلامی دەبات و نەتەنها لە بیرورای گشتی جیهاندا ترۆی دەکات، بەڵکو مەحکوم و ریسوای ئەکات. شکستی رژێمی ئیسلامی شتێکی لەبابەتی هەرەسی ئەلمانیای نازی دەبێت. هیچ فاشیستێک ناتوانێ بەسادەیی و تەنها بە خۆجیاکردنەوەی مەکتەبی و رێکخراوەیی خۆی لەم جەمسەرە هەرەسکردوەدا هەلوێست و جێگاوریگای خۆی بپارێزێت. هەرەسی جمهوری ئیسلامی، تێکرای ئەم رەوتە دەیان ساڵ دەباتە سوورِی متبوونەوە. شکستی ئیسلامی سیاسی لە ئێراندا، سەرکەوتنێکی دژی ئیسلامیستیە کە ئەم سەرکەوتنە تەنها بە چوارچیوەی ئێران مەحدود نابێتەوە.**

مەنسوری حیکمەت، مێزگردی "بالاکردن و ئاوابوونی ئیسلامی سیاسی" ٢٠٠١

# دەستدرێژیە سەربازیەکانی جمهوری ئیسلامی ئێران بۆ سەرکوردستانی عێراق

## گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەوسایە، سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزب

**ئۆکتۆبەر: بەدوای سەرهەڵدانی خۆپیشاندانی شارەکانی ئێران، جمهوری ئیسلامی دەستی داوەتە تۆپبارانی ناوچە سنوریەکانی هەرێم و بۆردومانکردنی بنکەو بارەگای ئەحزابی ئۆپۆزسیۆنی نیشتەجێ لەهەرێمی کوردستان.. بۆچی جمهوری ئیسلامی ئێران لەئێستادا دەستی بۆ کارێکی لەمجۆرە بردووە و بەشوێن چ ئامانجێکەوەیە؟**

خەسرەوسایە: سەرەتا ئەوە بڵێم ئەم هەنگاوەی جمهوری ئیسلامی ئێران، بەشێوەیەکی گشتی رەنگدانەوەی ئەو فەزا میلیتاریستی و گێژاوە سیاسیەیە کە بەهۆی نادیاری لەیەکلابوونەوەی کێشە جیهانیەکانەوە دەولەتانی ناوچەکەی لەپاڵ هەبوونی قەیرانێکی حکومەتیدا، بەرەورووکردۆتەوە. بەلام ئەوەی کە بۆچی جمهوری ئیسلامی ئێران لەمکاتەدا دەست بۆ تۆپبارانی ناوچە سنوریەکان و بۆردومانی بنکەو بارەگای لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان دەبات، بەدیاریکراوی بۆ ئەو دۆخە دەگەرێتەوە کە لەناوخۆی ئێراندا سەری هەڵداوە، دۆخێک کەجولانەوەیەکی جەماوەری بە خواستی روخانی رژێمەوە پێیناوەتە مەیدانەوە و چارەنوسی ئەم رژێمەی خستۆتە بەردەم مەترسی داروخانەوە. بەمجۆرەش دەمەوێت بلێم کە دەستدرێژیە سەربازیەکانی ئەمجارەی جمهوری ئیسلامی ئێران راستەوخۆ پەیوەندی بەم نارەزایەتی و جولانەوە جەماوەریەوە هەیە.

بێگومان ئامانجیش لێی ئەوەیە کە سەرنجی رای گشتی جیهان و ناوچەکە بەرەو لایەنی دەرەکی بگورێ و وا نیشان بدات کە رووداوەکانی ئێستای ناوخۆی ئێران، دروستکراوی دەستی دەرەکیە و حزب و لایەنێک کە لەسنورەکانی هەرێم نیشتەجێن و خۆیان بە ئۆپۆزسیۆنی رژێمی ئێران دەزانن، پیلانی نانەوەی ئاژاوەیان لەناوخۆی ئێراندا سازداوەو بەوهۆیەوە خەلک لەدژی رژێم رژاونەتە مەیدانی شەقامەکانەوە!.. ئامانجێکی تری جمهوری ئیسلامی ئێران، لەمکارەیدا ئەوەیە کە ریشەی ئەو قەیران و نابەرابەری و ستەم و زۆرە و ئەو سەرکوتگەری و تاوانانە داپۆشێت کە زیاتر لەچل ساڵە قوربانی لەخەلکی بێتاوان وستەمدیدە ئێران دەسەنێ. وە هەروەها دەیەوێت بەم دەستدرێژیە سەربازیەی بۆسەر هەرێم هێزو نفوزی ناوچەیی و دەخالەتی سەربازی خۆی نیشان بدا و لیرەشەوە تواناو قابلیەتەکانی ئەو بزوتنەوە جەماوەریەی کەیەخەی پێگرتووە بەکەم وناچیز لەقەڵەم بدات.

**ئۆکتۆبەر: لەبەرامبەر ئەم دەستدرێژیانەی جمهوری ئیسلامی ئێراندا بۆ سەرهەرێم، هەر یەک لەپارتی و یەکیەتی، حکومەتی عێراق و ئەمریکاو دەولەتانی ئەوروپا، بەئیدانەی ئێران و داوای راگرتنی تۆپباران و بۆردومانەکان، کاردانەوەیان لەخۆنیشاندا.. ئیوە ئەم کاردانەوانە چۆن دەبینن؟ ئایا پێتانوایە سنوریک بۆ دەستدرێژیە سەربازیەکانی جمهوری ئیسلامی ئێران دابنێت؟**

خەسرەوسایە: هەموو ئەو لایەنانەی کە جیگای ئاماژەیە، نەدەتوانن و نەدەیانەوێت سنوریک بۆ دەستدرێژیەکانی جمهوری ئیسلامی ئێران دابنین، بگرە بەگشتی کاردانەوەکانیان لەبەرژەوەندیە سیاسیەکانی رۆژانەیانەوە سەرچاوەی گرتووە، نەک داکۆکیکردن لەئارامی و ئەمنیەتی خەلکی کوردستان و مافی مانەوەی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان لەخاکی هەرێمدا. ئەمریکاو دەولەتانی رۆژئاوا، کەدەزانن جمهوری ئیسلامی لەناوچەکەدا نفوزو دەخالەتی هەیەو هۆکارێکی پشێویە لە ناوچەکەدا، هیچیان پێنەکراوە، چ جای ئەوەی کاردانەوەیەکی جدی نیشان بدەن لەبەرامبەر دەستدرێژیە سەربازیەکانی بۆسەر هەرێمی کوردستان. دەخالەتی سیاسی و سەربازی و ئەمنی جمهوری ئیسلامی ئێران لەعێراق وسوریا، لە لوبنان و یەمەن، تادەگات بە ئەفغانستان و فەلەستین، ئەوەمان پێدەلێت کە کاردانەوەی ئەم دەولەتانە بەوەی ئیدانە دەکەن و داوادەکەن جمهوری ئیسلامی دەستدرێژیەکانی رابگرێ، ناتوانی لەتوندکردنەوەی فشارەکانیان بۆ سەر جمهوری ئیسلامی واوەتر بروات تا ناچاری بکەن بەخواستەکانیان بۆ رێکەوتن لەسەر کەیسی ئەتۆمی ئێران. ئەمە ویرای ئەوەی کە بەکردەوە ئێران لەعیراقدا، هۆکارێکی ئەو ئاشوب و دۆخەیە کە لایەنە عێراقیەکان نەتوانن حکومەت دامەزرێنن و جۆرێک ئارامی و ئاسایش فەراهەم بکەن.

تا ئەو جێگەیەی بەکاردانەوەکانی حکومەتی عێراق لەسەر بۆردومان و دەستدرێژیە سەربازیەکانی جمهوری ئیسلامی دەگەرێتەوە، جگە لە پروپاگاندەی سیاسی لە دوتوێی "پاراستنی سەروەری خاکی عێراق"دا، شتێکی تری بەدواوە نیە. حکومەتەکەی کازمی کەخۆی لەجێگەی نەبوانە و مانەوەی وەک ئەمری واقع چاوی لێدەکرێ، ئەگەر لەمیدیاکانەوە دەستدرێژیە سەربازیەکانی جمهوری ئیسلامی ئیدانە کردبێت، تەنها بۆ

ئەوەیە هاودڵیەک لەپاڵ یەکیەتی و پارتی و حزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمدا دەرببڕێ، تا لەکەنار لایەنەکانی ناو بەرەی هاوئاهەنگی، کە مالیکی و حەکیم و عامری ڕابەری دەکەن، ڕاوەستن و بەشداربن لەو بانگەوازەدا کە بۆ پێکهێنانی حکومەتی تازەی عێراق دراوە. بەڵام کاردانەوەکانی یەکیەتی و پارتی لەم بابەتەدا، تایبەتی ترە: یەکیەتی کە ستراتیژی سیاسی و عەسکەری و ئەمنی و تەنانەت بازرگانی خۆی بەئێرانەوە گرێداوە، تەنانەت نەیتوانی شەرمنۆکانەش هەڵوێستێک لەدژی دەستدرێژیەکانی جمهوری ئیسلامی دەرببڕێ و زۆرتر چاوی لەدەخاڵەتی حکومەتی عێراق و ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیوە، ئەویش بەوحاڵەوە کەباسمان کرد. لەبارەی پارتیشەوە کەپاڵی داوە بەڕۆڵی تورکیاو دەخالەتی لەهەرێم و ناوچەکەدا، هەوڵیدا هاژوهوژێک لەسەر بۆردومانەکانی ئێران بەرێبخات، کەزیاتر بۆ توندکردنەوەی فشارەکانیەتی لەسەر یەکیەتی و داپۆشینی پێگەی جاسوسی و سەربازیەکانی تورکیایە لەهەرێمدا. بەکورتی هەردو حزبی دەسەڵاتدار کە لەچەند ساڵی رابردوودا خۆیان دەستی دەوڵەتانی وەک ئێران و تورکیایان بۆسەر هەرێم درێژ کردوەو تاسەرئاستی پێشلەشکری و هاوکاری جاسوسی و ئەمنی ڕۆیشتون، هاوکات بەحوکمی ئەوەی بەرژەوەندیەکانی خۆیان و مانەوەیان بەستراتیژی خۆگرێدانەوە بەم دوودەوڵەتەوە پێناسەکردووە، ئیتر دەتوانن چ کاردانەوەیەکیان لەوەزیاتر هەبێت کە لەئاستی ڕاگەیاندن و پروپاگەندەکردندا تێپەرێت. بەبڕوای من ئەم دوو حزبە خۆیان لایەنێکی سەرەکی ئەو نائارامی و فەزا میلیتاریستیەن کە لەلایەن ئێران وتورکیاوە لەهەرێمدا خوڵقاندویانە.

**ئۆکتۆبەر: هەڵوێست و سیاسەتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەرامبەر بەم دەستدرێژیە سەربازیانە چیەو خەڵک دەبێ چیبکات؟**

خەسرەوسایە: سیاسەت و هەڵوێستی حزبی ئێمە بەرامبەر بەدەخاڵەتی دەوڵەتانی ناوچەکە لەوانەش ئێران و تورکیا، ڕاوەستانەوەیە نەک هەر بەرامبەر بەدەستدرێژیە سەربازیەکانی ئێستا، بەڵکو بەهەرجۆرە وجودێکی سەربازی و ئەمنی و دەخاڵەتیان لەدۆخی هەرێمدا. واتە دەبێ کوردستان پاکبکرێتەوە لەمەوجودیەت و دەخالاتی سیاسی و سەربازی و ئەمنی ئەم دەوڵەتانە و بنکەو بارەگایان لەهەرێم کۆتایی پێبێت و نابێت کوردستان چیتر لەلایەن حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان بکرێتە جیگای تەراتێنی سیاسی و سەربازی ئەم دەوڵەتانە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، کەمەسەلەی ئارامی و ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی هاووڵاتیانی کوردستان، بە بنامەیەکی سەرەکی سیاسەتەکانی خۆی دەزانێ، کردنەدەرەوەی هێزی ئەم دەوڵەتانە و دەستکۆتا کردنیان، بەبەشێک لەخەباتی جەماوەری ستەمدیدەی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و نان و کارو مەعیشەت دەزانێ. بەدڵنیایەوە هەرجۆرە دەستدرێژیەکی سەربازی و کردەوەی تیرۆریستی دەوڵەتانی ناوچەکەو فەزای میلیتاریزمیان، بەزیان بۆسەر ئەو خەبات و جۆلانەوە جەماوەریەی کەیەخەی دەسەڵاتدارانی کوردستانی گرتووە، تەواودەبێت. بۆیە حزبی ئێمە بەتەواوی توانایەوە نەک هەر بەرامبەر بە دەستدرێژی و پەلامارە سەربازیەکانی ئێران و تورکیا ڕادەوەستێتەوە، بەڵکو تێدەکۆشێت بۆ دەستکۆتاکردنی وجود و هەرجۆرە دەخاڵەتێکیان. حزبی ئێمە لەگەڵ ئەوەدا کە هەوڵدەدات دەستدرێژی سەربازی و بونی بنکەو بارەگای دەوڵەتانی ناوچەکە لەهەرێم، لەناوخۆ و دەرەوەی کوردستان ڕیسواو ناکام بکاتەوە، هاوکات تێدەکۆشێت لەڕیگای ڕیبەری و ڕینماییکردنی خەباتی جەماوەری و ناڕەزایەتیەکانیان بۆ وەلانانی دەسەڵاتی ئێستای حزبەکان و ئیرادەگرتنی جەماوەری بۆ لەئەستۆگرتنی ئیدارەی کۆمەڵگا و پاراستنی ئەمنیەت وئاسایشی هاوڵاتیان، دەستی دەولەتانی ناوچەکە لەسەر هەرێمی کوردستان کۆتابکات.

تا ئەوجێگایەی بەچیکردنی خەڵک خۆیان دەگەڕیتەوە، بەبڕوای من خواستی پاراستنی ئەمنیەت و ئاسایشی کۆمەلگا، بەشێکە لە داخوازیە جەماوەریەکانی ئێستای کرێکاران و جەماوەری بێبەشی کوردستان کەبۆ باشکردنی ژیان و بەدەستهێنانی کار و موچەو خزمەتگوزاریەکان دەستیان داوەتە ناڕەزایەتی و بەهیچ جۆرێک لێی جیانابێتەوە. بۆیە دەبێ خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان لەپاڵ ئەوەدا کە بۆ موچە و کارو خزمەتگوزاری و ئازادیەکان دێنە مەیدانەوە، ئاواش دەبێ داوابکەن کە بنکەو بارەگای دەوڵەتانی ناوچەکە لەکوردستاندا نەمێنن. دەبێ مەیدانی شارەکان لەدژی هەر جۆرە دەستدرێژیەکی سەربازی و تێرۆریستی دەوڵەتانی ناوچەکە ناڕەزایەتی بەخۆوە بگرێ. تەنانەت لەدەرەوەی وڵاتیش لەقاوبدرێن و فشاریان بخرێتەسەر. بەتایبەتی لەئێستادا کە جمهوری ئیسلامی ڕووبەڕوی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکی گەورەی جەماوەری لەناوخۆدا بۆتەوە، پشتیوانیکردن لەم جولانەوەیەی خەڵکی ئێران، بەکۆبوونەوەو دەربڕینی ناڕەزایەتی لەشارەکانی هەرێم ئەتوانێ فشارێکی گەورە لەسەر جمهوری ئیسلامی دابنێ. بێگومان لەجەرگەی ئەم خەباتەدایە کە دەتوانرێ هەم ئارامی و سەلامەتی هاوڵاتیانی کوردستان و هەم مافی مانەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لە کوردستان بپارێزرێت.

★

# ڕوخانی جمهوری ئیسلامی ئێران لەبەرژەوەندی هەموو خەڵکی ناوچەکەدایە!

## نوری بەشیر

بزوتنەوەیەکی نارەزایەتی ئازادیخوازی سەرانسەری لە ئێراندا کە دەسەڵاتی بۆرژوازی ئیسلامی ئێرانی هێناوەتە لەرزە و داوای روخانی دەکات، رۆژبەرۆژ خواستەکانی بەدژی ئەم رژێمە هارەی سەرمایە دەچێتە سەرەوە و لە پێشرەویدایە. روخاندنی ئەو رژێمەو کۆتاییهاتنی تەنیا خەڵکی ئێران نیە کە سودمەند دەبن لێی، بەڵکو خەڵکی ناوچەکە و جیهانیش لە رژێمێکی ئیسلامی تاسەر ئێسقان کۆنەپەرست و دژی ژن و دژی کرێکاران رزگاریان دەبێت.

هەموو ئەو نارەزایەتی و هاتنەمەیدانە ملیۆنیەی خەڵک لە ئاستی دنیادا بەدژی رژێمی هارو درندەی ئێران ئەو راستیە دەخاتەروو کە جمهوری ئیسلامی ئێران تەنیا رژێمێکی دژی خەڵکی کرێکار و کەمدەرامەت، ژنان و لاوان، بەساڵاچوان و منداڵانی ئێران نیە، بەڵکو رژێمێکی درندەو دژی ئینسانی سەرمایەداریە کە بەدژی مەدەنیەت و مرۆڤایەتیە لەئاستی دنیادا.

ئەوە راستیەکی حاشە هەڵنەگرە لە نارەزایەتیەکانی ساڵی ٢٠١٩ی خەڵکی لوبنان و عێراق دا یەکێک لە دروشمەکان و داواکاریەکان وەدەرنانی دەخاڵەت و دەستدرێژیەکانی جمهوری ئیسلامی ئێران بوو لەو دوو وڵاتەدا، هەروەها جمهوری ئیسلامی ئێران لە وڵاتەکانی یەمەن و فەلستین و سوریا و کوردستان دا وەک هێزێکی کۆنەپەرستی دژی خەڵکی لەپاڵ دەسەڵاتە کۆنەپەرستەکان و هێزە میلیشیا قەومی و ئیسلامیەکان دا وەستاوە و وەک دەسەڵاتی کۆنەپەست و سەرکوت بەشدارە لە کوشتارو برسیکردنی خەڵکی ئەو وڵاتانەدا.

ئەم رژیمە هارەی سەرمایە ئاستی دەخالەتی کۆنەپەرستی بە ناوچەکەشەوە نەوەستاوە، بەڵکو لە ئاستی دنیادا خەریکی رژاندنی ژەهری کۆنەپەرستی بووە بەدژی مەدەنیەت و شارستانیەتی ئەم سەردەمە و لەپاڵ هەموو هێزێکی کۆنەپەرستدا خۆی بینیوەتەوە، دەستی هەبوو لە تیرۆردا نەک تەنیا لە ئێران و ناوچەکەدا بەڵکو لە ئاستی دنیادا ئەو کارەی ئەنجامداوە.

رژێمێک کە لەزیاتر لە چوار دەیەی تەمەنی نەگریسیدا جیا لەبرسیکردن و سەرکوت و ئیعدام و بێحورمەتی بەژنان و بێمافی کرێکاران و لە گۆرنانی خەونەکانی لاوان و نەهێشتنی مەدەنیەتی کۆمەڵگا لە ئێران دا شتێکی تری نەکردووە، ئیتر جێگایەکی لەناو خەڵکی ئێراندا نەماوەتەوە. خەڵکی زەحمەتکێش و ژنان و لاوانی ئێران بە تەواوی هێزیانەوە هاتونەتە مەیدان بۆ راماڵینی ئەم رژێمەو کۆتایی پێهێنانی. ئیتر هاتووهاواری سەرانی رژێم و لەسەروو هەموویانەوە خامنەئی بەوەی نارەزایەتی فراوانی جەماوەری ئێستای ئێران کە بە خرۆشانی ژنان لە ئاستی جیهاندا ناسراوە دەستی لە پشتەوەیە، نەک ئەم جوڵانەوە جەماوەریە شۆرشگێرانەیە سارد و خاو ناکاتەوە، بەڵکو گڕی تورەیی و نارەزایەتیەکان دەباتەسەرەوە. حکومەتەکانی ناوچەکەش پێش ئەو دەسەڵاتە سەرکوتگەرەی ئێران ئەوەیان تاقیکردۆتەوە کە هەر نارەزایەتیەکی جەماوەری دەسەڵاتەکەیان بخاتە مەترسیەوە بەوە دەستی دەرەکی تاوانباریان دەکردن، بەڵام ئیتر ئەو قسە پوچانە نەک لای خەڵکی ئازادیخوازی ئێران، تەنانەت لای ئەندامانی سوپای پاسداران و دۆستەکانیشیان مشتەریەکیان بۆ پەیدا نابێت.

ئەم خرۆشانە جەماوەریەی ئێستای ئێران دەورەیەکی نوێیە لە درێژەی نارەزایەتیەکانی دەورەی پێشوو کە رۆژانە ریزەکانی فراوانتر دەبێتەوە لە ئێران و ئاستی دنیادا، بە پێچەوانەی جمهوری ئیسلامیەوە کە دەیەوێت رەنگی قەومی و دەستی دەرەکی بخاتە پاڵی؛ هەموو چوارچێوەیەکی قەومی و دینی تێپەراندووە و دروشمەکانی" نا "یە بۆ دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئیسلامی لەئێراندا.

بەم هۆیەوە لەهەرشوێنێکی دنیادا راوەستان لەپاڵ ئەو بزوتنەوە نارەزایەتی و ئازادیخواز و شۆرشگێریەدا و بەدژی جمهوری ئیسلامی و لە گۆرنانی رژێمێکی درندەی وا لەبەرژەوەندی چینی کرێکار و ژنان و لاوان و لەبەرژەوەندی بەرەی شۆرشگێر دایە لە ئاستی ئێران و ناوچەکە و جیهاندا.

★

**ڕاماڵینی ڕژێمی ئیسلامی ئێران لەلایەن ژنان و لاوان و جەماوەری شۆڕشگێری ئێرانەوە دەبێتە سەرەتای کۆتایی دەوری ئیسلامی سیاسی لە کوردستان و عێراق و ناوچەکە و بەهێزبوونی بزوتنەوەی ئازادیخوازی و سیکولاریزم و یەکسانیخوازی!**

# تیرۆرکردنی ناگەهان کەمال بەتوندی ئیدانە دەکەین!

سەرلەبەیانی رۆژی سێشەمە ٤/١٠/٢٠٢٢، ناگەهان کەمال ئاکارسێل، هەڵسوراوی بواری ژنان و ئەندامی دەستەی گۆڤاری ژنۆلۆژی و ئەندامی ئەکادیمی ژنۆلۆژی خەڵکی کوردستانی تورکیا لەگەرەکی بەختیاری شاری سلیمانی درایە بەر دەستڕێژی گولەو تیرۆر کراو بەمجۆرەش دەستی تاوانکاری دەولەتی فاشیتی تورکیا گەیشتە هەلسوراوێکی سیاسی تر. بەڵام ئەمە یەکەمین تیرۆر و دوا تیرۆر نیە کە هەڵسوراوانی ئۆپۆزسیۆنی دەولەتی تورکیا بەمشیوە وەحشیگەریە دەکاتە قوربانی، بەلکو لەسایەی دەسەلاتی ئەحزابی بورجوا ناسیونالستی کورددا، رۆژ بەرۆژ دەستی رەشی تیرۆرو ئینسانکوژی بۆ سەر هەلسوروانی سیاسی و نەیارانی حکومەتی فاشتی تورکیاو کۆماری ئیسلامی ئیران تادێت دریژتر دەبێت. بەدڵنایەوە ئەم تیرۆرەو ئینسانکوژیە کە ئەمڕۆ گیانی ناگەهان کەمالی کردەقوربانی، بەرئەنجامی ئەو دۆخەیە کەبەهۆی سیاسەتی لایەنگری هەردوحزبی دەسەڵاتدارەوە بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە پێکهاتووە. پەرەگرتنی کاری سیخۆی و زۆربوونی بنکەی سەربازی دەولەتانی ناوچەکە و دەخالەتیان لەکوردستاندا، تا بەزاندنی سنورەکانی هەرێم و موشەکبارانکردن و ناردنی فرۆکەی بێفرۆکەوان بۆ سەر کەمپی پەنابەرانی سیاسی و بارەگای هیزەکانی ئۆپۆزسیۆن، کەژیانی دەیان کەس لەژن و منال و خەلکی سیڤیل لەخوێن هەڵکێشاوە، ڕاستەوخۆ لێکەوتەکانی هەر ئەو سیاسەتەیە کە ئەحزابی دەسەڵاتدار بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان لەبەرامبەر دەوڵەتانی ناوچەکەدا پەیڕەویان لیکردوە. بەتایبەتی ئەوەی ئاشکرایە کەئەم کردەوانە بەبێ ڕەزامەندی و چاوساغی ژێربەژێر و ڕێگەدان بەدەزگا جاسوسیەکانی دەولەتانی فاشیست و کۆنەپەرستی ناوچەکە ناچیتە پێش.

پیویستە بەرەی ئازادیخوازو مرۆڤدۆستی کوردستان بەتوندی ڕووبەڕووی ئەم سیاسەتە ببنەوە و ڕیگانەدەن چیتر کۆمەڵگای کوردستان ببێتە لانەی تیرۆریستان و ئینسانکوژانی دەولەتانی ناوچەکە. هاوکات دەسەلاتدارانی هەرێمی کوردستان بەرپرس بکریت لە پاراستنی ئەمنیەت و سەلامەتی خەڵکی کوردستان.

ئیمە لە کۆمیتەی سلیمانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان ویرای ئەوەی بەتوندی ئیدانەی ئەو کردەوە تیرۆریستیە دەکەین کە ناگەهان کەمالی کردە قوربانی، هاوکات دەسەڵاتداران و هێزە ئەمنیەکان بەرپرسیاردەکەین لەدۆزینەوەو ئاشکراکردنی بکەرانی ئەم تاوانە تیرۆریستیە بۆڕای گشتی خەڵکی کوردستان. هەر لێرەش پرسەوسەرەخۆشی و هاوخەمی خۆمان بۆ کەسوکاری ناگەهان کەمال رادەگەیەنین و لەم خەمەدا لەپالیاندا رادەوەستین.

کۆمیتەی سلێمانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
٤/١٠٢٠٢٢

## هاوکاریی یەکێتی و پارتی بۆ تیرۆرکردنی هەڵسوڕاوانی سیاسی پەناهەندەی کوردستان لەلایەن دەوڵەتە دژی مرۆیی و سەرکوتگەرەکانی تورکیاو ئێرانەوە جێگای شەرمەزاری و ریسواییە!


ئۆکتۆبەر
ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبەر: 07700475533
مۆبایل:0044(0)7394013135
oct.1917@yahoo.com
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووك:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر


ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!


سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

# دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن و ئایندەی جیاوازی منداڵان

## بنار مستەفا

ساڵی نوێی خوێندن دەستپێکردەوە و دەرگای قوتابخانەکان کرانەوە، بەڵام هەموو منداڵانی کوردستان لەچاوەڕوانی ئایندەیەکی گەش بەهرەمەند نین. بارودۆخی کوردستان بە شێوەیەکە، کە هەر لە ئێستاوە دەتوانیت ئایندە جیاوازەکانی منداڵان ببینیت.

قوتابخانەکان کرانەوە، بەڵام دەرگاکان بە ڕووی هەموو منداڵاندا نەکرانەوە. سەختی ژیان و گوزەران لەکوردستان بەناچاری زۆرێک لە خێزانەکانی ناچارکردووە، کە منداڵەکانیان لەبری خوێندن و هاتووچۆی قوتابخانە، لە بازاڕەکاندا کار دەکەن، دەستگێڕی دەکەن و لە هەوڵی پەیداکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکانیاندان. هەر لە تەمەنێکی زۆر منداڵیەوە ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتیەک بوونەتەوە: لەبری خوێندن، پارە پەیدا دەکەن. ئەمەش زۆر دوورە لە جیهانی منداڵییەوە و نابێت بە هیچ شێوەیەک هیچ منداڵێکی تێدا بێت.

هەندێجار لە کۆمەڵگادا دەبیستین، بۆنموونە دەڵێن "خوێندن هیچ بەرهەمێکی نییە و کار سوودی زیاترە." ئەمجۆرە دەربڕینە دڵتەزێنە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە زۆر کەس خوێندنی تەواو کردووە و بڕوانامەی بەدەست هێناوە، بەڵام بێکارە و هیچ دەرفەتێکی کارکردن یان دامەزراندنی بۆ نەڕەخساوە.

ئەم نموونەیە کاریگەری دادەنێت لەسەر دایکان و باوکان، کە خوێندن هێندە بە هەند وەرنەگرن بۆ ئایندەی منداڵەکانیان.

ئەو منداڵانەی لەبری خوێندن و قوتابخانە لە بازاڕەکاندا کاردەکەن یان دەستگێڕی دەکەن، ڕووبەڕووی دۆخێک دەبنەوە، کە کاردانەوەی زۆر نەرێنی دەبێت لەسەر ئێستا و ئایندەیان. دەرفەتیان بۆ دەستگەشتن بە کارێکی شیاو کەمدەبێت و مەترسی تێکەڵبوون بە بابەتی نەخوازراوی وەک ئالودەبوون بە ماددەی هۆشبەرەکان و ئەنجامدانی تاوان. دواڕۆژی ئەم بەشە لە منداڵان جێگەی نیگەرانیەکی قووڵە و بەجیا لەخۆیان بۆ کۆمەڵگاش کارەساتە، کاتێک بەشێک لە جیلی داهاتووی ئەم پێشنیەیان هەیە.

لە لایەکی ترەوە کەرتی پەروەردە بە جۆرێک پەراوێزخراوە، کە ئاسان جیاوازی نێوان قوتابخانەی حکومی و ئەهلی دەکەیت. هەر لە سەرەتاوە دەتوانیت پێشبینی ئەوە بکەیت، کە ئەو قوتابیانەی لە قوتابخانە حکومیەکانن، هەمان چارەنووس و دواڕۆژی قوتابیانی قوتابخانە ئەهلییەکانیان نییە. ئەمەی دووەمیان شانسی زۆر زیاتری هەیە بۆ دامەزراندن، بەدەستهێنانی دەرفەتی کار لە بوارەکەی خۆیدا، سەرکەوتن لە پێشبڕکێی هەلی کار و بەدەستەوەگرتنی جومگەکانی تری کۆمەڵگا.

بەمانایەک جیاوازی چینایەتی لە کوردستان هەر لە سەرەتای منداڵییەوە دەردەکەوێت. منداڵانی زۆر هەژاران، مەترسی لەسەر دوورکەوتنەوە لە هەموو چەشنە خوێندنێک هەیە. منداڵانی خێزانە هەژارەکان لە قوتابخانەی حکومی و دەوڵەمەندەکانیش لە قوتابخانەی ئەهلی دەخوێنن و ئایندەی جیاواز لە ئێستاوە بەدی دەکرێت.

ئێلیتێکی کەمایەتیەکی کەمیش هەیە، کە منداڵانیان لە دەرەوەی وڵات یان بە وانەی مامۆستای تایبەت دەخوێنن. بەهەمان شێوەی ئەوانی دی هەر لە ئێستاوە دیارە، کە ئەگەر ئاڵوگۆڕێکی فراوان لە کۆمەڵگادا ڕوونەدات، دەبنە بەرپرسان و خاوەن کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ئایندەی کوردستان.

وەک زۆر بەش و لایەنی تری کۆمەڵگا، لە سەکتەری پەروەردەش بە ئاشکرا دەبینرێت، کە ئاڵوگۆڕێکی فراوان و ڕیشەیی پێویستە. ئەمجۆرە دابەشبوونە چینایەتیە، کە لە تەمەنی منداڵییەوە ئاراستەی گرتووە، کارەساتە بۆ کۆمەڵگا و بۆ زۆرینەی زۆری دانیشتوان بە مانای خۆشگوزەرانی نایەت. بۆیە لە دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندندا پێویستە جەخت لەسەر گرنگی ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی بکرێتەوە، کە تێیدا تەواوی منداڵان لە خوێندن و پەروەردەیەکی هاوچەرخ بەهرەمەند بن.

★

- **دەبێ هەموو مناڵان و لاوان بەبێ جیاوازی و بەشێوەیەکی یەکسان لە ستانداردێکی باڵای خوێندن و فێربوون بەشێوازی هاوچەرخ و زانستیانەو خۆڕایی سوودمەند بن!**
- **بێبەشکردنی مناڵان لە خوێندن و ڕەوانەکردنیان بۆناو بازاڕی کار ، پێشێلکردنی مافەکانی مناڵانە.**
- **حکومەت بەرپرسیارە بەرامبەر بە دابینکردنی ژیان و خوێندنی مناڵان تا تەواوکردنی قۆناغی دواناوەندی. ئەرکی حکومەتە دوای تەواوکردنی خوێندنیش دەرفەتی کاریان بۆ فەراهەم بکات.**